www.kurdistannet.org
01/07/2003 13:08

# داتاشینی وشەی تەکرید لە هەندێ ڕاگەیاندنەکانی عارەبان دا !

ئەحمەد دەشتی

گەلۆ کێ بێ نەزانێ کە گەلی کورد زۆر لە مێژە لە ژێر چنگی داگیرکەرە دڕندەکانی کوردستان لە ناو مال و لانەی خۆی دا ژیان تال و پڕ لە ئازارو کوڕێرەوەری و چەوساوەیی بووەو دوور لە هەموو مافێکی میللی خۆی و کراوە، گەلێ لە مێژە کوردستانی لێ پارچە پارچە کراوەو هەرگیز ئۆخەی لە ژیانی خۆی نەکردووەو بە هەموو شێوەیەك جگە لەوەی کە بە زۆری زۆرداری مافەرەواکانی میللی لێ زەوت کراوەو بەوپەری درندەیی و زۆر داری تالان کراوەو هەموو سەروەت و سامان و کەلتورو فەرهەنگیشی لێ دزراوەو بە زۆری زۆرداری سەروەت و سامان لێ سەندراوەو بە هەزاران هەزار ژن و پیاو و لاوو پیرانی بێ تاوانی لێ شەهیدو زیندە بە چال کراوەو سالەهای سالە کە کورد لە زەبرو زەنگ و کوشت و کوشتار بەولاوە بە دەست داگیرکەرانی کوردستانەوە هیچ شتێکی تری وەدی نەکردووە، گەلێ لە مێژە کە گەلی کورد بێ دەرەتان و پەریشان لە ناو خاکی زێڕینی خۆ دا لە هەموو شتێك بێ بەش کراوە.

هەر لەو ساتەوە کە بیری نەتەوایەتی لە ناو میللەتانی جیهان دا سەری هەل داوە کورد یەکێك بووە لەو نەتەوانەی کە لە ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی خۆی دا بە هەزاران هەزا قوربانی داوەو بە ئاواتەکانی میللی خۆشی نەگەیشتووەو هەمیشەزۆلم و زۆرداریەکی یەکجار زۆر و بێ وێنەی بە سەردا سەپێندراوە و زۆر زۆر نامرۆڤانە پەلامار دراوەو بە

هەزاران هەزار رۆلەی ژیان نەدیوی میللی کردۆتە قوربانی ڕێگەی ئازادی و سەر بەخۆیی کوردو کوردستان و زۆر لە مێژە لە ســـــەر خاکی خۆی و لە ناو مال و حالی خۆی دا بەوپەڕی دڕندەیی پەلامار دراوەو بە سەدان هەزار گوند و شارو هەواری خۆی لێ داگیرو زەوت کراوەوخاکی خاپورو خەلکی پەرێشان کراوە، ئەگەر قوربانیانی گەلی کورد بخرێتە سەر لاپەرەکانی دیرۆکەوە ئەوادەبێ بە هەزاران لاپەرەکانی پێ پڕ بکرێتەوەو بە سەدان فیلم و رۆمان و پەرتوك لە سەر کارەسات و نەهامەتیەکانی گەلی کورد کە دوژمنان بە سەریان هێناوین بنوسرێت و فیلمی لێ ساز بکرێت ئەوسا دەزاندرێت کە چیان وەسەر ئەم گەلە کوردە هێناوە.

لە گەل ئەوەشدا کە بە هەزاران هەزار قوربانی لە ڕێگەی ژیانێکی ڕەهاو سەربەخۆیی کورد دراوە بەلام تا ئێستا کە کورد بە مافە ڕەواکانی میللی خۆی شاد نەبووە، داگیرکەرانی هەر چوار لامان لێ نەگەراون کە گەلی کوردیش وەك تەواوی میللەتانی جیهان سەربەست و سەربەخۆ بژیت و دوور بێت لە هەموو زولم و زۆر داریەك و لە ناوخاکی خۆی دا ئازادو ڕەها بژیت. ئەگەر ئاورێك لە دیرۆکی ژان وئازارەکانمان بدەینەوە و چاوێ لە هۆکارە هەرە مەزنەکانی چەوساوەیی کوردستان و بە سەر هات و کارەساتەکان بگێڕین دەبینین زۆر جاران هۆکارەکان دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە کورد هەمیشە لە گەل ئەوانەی کە بە ناوی دۆستایەتی کردنی گەلی کورد هاتونەتە پێش و دەستی یارمەتیان بۆماوەیەك بۆ درێژ کردووین، ئەمەش بۆ وەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و سەرکەوتنی مەرامەکانیان بوەو نەك بۆ خۆشەویستی چاوی کورد، دەبینین کە پاشان کە پێویستیان بووە پشتیان تێ کردووین و هەر باسیشیان نەکردووین، کوردیان لە بیر کردووەو دوای ئەوەی کە مەرامەکانیان هاتۆتە دی ئیتر بە قەد تۆسقالێکیش بەزەییان بە گەلی کورد نەهاتۆتەوەو لە ناو دەمی عەزیاکانەوە بە جێیان هێشتووین و زۆر بە نامەردانە لە پشتەوە را خەنجەرە ژەهراوەیەکانیان لێ داوین و گەلی کوردیان توش بە کارەسات و نەهامەتیەکان کردووەو زۆر نامرۆڤانەرێگەی هەموو یارمەتی و هەولێکی دۆستانەیان لێ بڕیوین و کوردیان ئاوارەو دەربەدەر و مال وێران کردۆتەوە، کێ بی ئەوە نەزانێ کە لە جیهان دا ئەم هاکارەی بەرژەوەندیەکانی تایبەت بوەتە شتێکی سروشتی و ئاشکرایە کە بەرژەوەندیە کان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەژمێردرێت و هەموو بێ هێز و زلهێزو حکومەتەکانی جیهانیش تەنیا بەرژەوەنیەکانی خۆیان لەسەرووی هەموو شتێکەوە زێتر دەپارێزن، ئەمەش هەر وا بوەو هەر واش دەبێت.

جا دەبینین ئەمرۆکە لە کوردستان دا زل هێزەکانی وەك ئەمەریکاو ئینگلیزو هاوپەیمانەکان هەر هەموویان کە هاتونەتە عێراق و ئەو ڕژێمە دکتاتۆرەی عێراقیان لە ناو بردبۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیانە و بەس، خۆ لە ناو چونی ئەو ڕژێمە فاشستەش لە دەست و توانای خودی خەلکی عێراق دا نەمابووو ئەگەر زلهێزەکان نەبونایە ئێستاش سەدامی دکتاتۆرو زەحاك هەر حوکمی دەکرد و دەمایەوە، بۆیەکە وا دەزانم کە نەمانی ئەو ڕژێمە دکتاتۆرەی سەدامی خوێن ڕێژ کارێکی تا بلێی چاکە بۆ هەموو خەلکی عێراق، بە تایبەتی

خەلکی کورد کە ئەو بەلایە گەورەیە نەماو لە ناو چوو، خۆ ئەمەش مەرج نیە کە کورد بە تەواوی ڕزگاری بووە و ئیتر پشتی خۆمان لێ بکەینەوەو چاوەڕوانی بێگانەکان بکەین کێ بێ ئەم ڕاستییە نەزانی کە هاتنی هەر بێگانەیەك بۆ سەر خاکی هەر میللەتێك بە هەر بیانویەکەوە بێت کارێکی ئەوەندە پەسەندو باش نیەو بۆ خۆی بەلایەکی ترە کە بۆ خەلکانی خاوەن ئەو خاکە دروست دەبێت و لەوانەیە کەگەلێ لە نەهامەتیەکانی تر و ڕوداوی زۆر ناخۆش و تالی لە دوا بێت و ڕوبدات، بۆیەکە دەبێ کە ئێمەی کوردهەروا ساکارانە نەڕوانینە کێشەکانەوەو دەبێ ئەمڕۆ لە هەموو سات و کاتێ زیاتر وریا بین و خۆمان هەرگیز لە بیر نەچێتەوە کە دەبێ گیانی یەکتر گرتن لە هەموو ساتەکانی تر زیاتر بپارێزین و لە هەموو بۆچونەکانمان لە بەرامبەر بێگانەکان یەکتر گر بێ و کارێ نەکەین کە دوا ڕۆژ نەفرینمان لێ بکرێت و جارێکی تر ئەم هەلە پیرۆزەی ئەمڕۆ کە لە ئارا دایە نەزانانە لە دەستی بدەین و بکەوینەوە داوی نەزانین و بیری تەسکی حزبایەتی و ناراستانە بیر بکەینەوەو بکەوینەوە ژێر چنگی زەبرو زەنگ و کوشت و کوشتار و مال وێرانییەوە، دەبێ کورد بە تایبەتی سەر کردەکانمان هەتا بلێی لە هەموو بوارەکان ئەوپەری وریایی و شارەزایی و لێهاتوویی بە کار بەرن و بتوانن ئەم هەلە بەرەو سەرکەوتن ببەن و هەرگیز ڕێگە بە گیرەشێوێنان و هەلبازانی خۆ پەرست و بیر تەسك نەدەن مکە کارێ بکە جارێکی تر دوژمنان بتوانن کە کورد چەواشە بکەنەووە و کارەساتە شومەکانمان بۆ بگەڕێننەوە و تووشمان بە ڕۆژگارانی پڕ لە مەینەت و نەهامەتیەکان ببێتەوە، کارێ بکەین کە نەیارانی کورد جارێکی تر نەتوانن کە ڕوو بکەنەوە کوردستان، ئەمە لە یاد خۆمان نەبەینەوە کە وا بزانین هەمووشتێ براوەتەوەو ئیتر کارەساتەکان ناگەڕێنەوە، دەبێ دەستی هەموو ئەوانە ببڕین کە بە هەستە بۆگەنەکانیان دەیانەوێ کە دیسان ناوو ناتۆرە بۆ گەلی کورد دروست بکەن و دڕندانە بە گژمان دابێنەوە دیسان بە کۆمەل زیندە بە چالمان بکەنەوە، کێبێ بی نەزانێ کە گەلی کورد هەرگیز خاکی هیچ میللەتێکی تری داگیر نەکردووە و لەوەتی کە کورد هەیە خاکی لێ داگیر و تەعریب تەتریك کراوە و مالی لێ ڕمێندراوەەو هەمیشە تەنیا بەرگری لە بوونی و نەفەتانی خۆی و خاکی خۆیەوە کردووە کەچی دەبینین ئەمڕۆکە لێرەو لەوێ کەسانی پیس و چەپەل و هەست بۆگەن لە سەر لاپەرەو ڕاگەیندنەکانی جیهان و نەیاران وشەی (تەکرید) یان هێناوەتە گۆڕێ و ئەم وشەیان دژ بە کورد دروست کردووەو دەیانەوێ ئەوەی کە خۆیان کردویانە بە سەر گەلی کوردیان هێناوەو دای ببڕێنن چونکە کورد لەوەتی هەیە هەر

گیز پەلاماری کەسی نەداوەو تەنیاکورد پەلامار دراوەوەو بە زۆری زۆر داری خاکی لێ داگیر کراوەو کورد هیچ میللەتێکی نەچەوساندۆتەوەو مالی کەسێکیشی هەرگیز داگیر نەکردووە کەچی دەبینین زۆر بێ شەرمانە وشەی (تەکرید) مان بۆ دروست دەکەن و دەیانەوێ کردەوە دڕندەکانی خۆیان بە سەر گەلی کورد دا بێنن، کە ئەمە درۆیەکی هەتا بلێی بێ ویژدانانەو زل و زەبەللاحە و بێ شەرمانەیە کە لەم ڕۆژانەدا هاتۆتە سەر زاری شۆڤێنیە عەرەبەکان و جۆرە پەلامار دانێکی تری گەلی کوردە لە ڕاگەیاندنە پڕ لە شەرماوەرەکانیان، من پێم وایە کە گەلی کورد هەمیشە خەلکانی تری لە خۆیەوە پتر ڕێز لێ ناوەو ئەمەش بۆ گەلی کورد بوەتە هۆکارەکانی گەلێ لە بە سەر هاتە تالەکانمان، کە من پێم وایە ئەمەش سادە دلی و پاکی و ڕاستیە کە کورد تەنانەت بەرامبەر دوژمنانیش کە بە ناویش ویستویانە دۆستایەتی کورد بکەن و پاشانیش بە خراپ بۆ کورد گەڕاوەتەوە، کە ئەم من وەك کوردێك پێم وایە کە ئەم خووە کاریگەریەتیەکی زۆری کردۆتە سەر گەلێ لە بەسەر هاتە تالەکانی گەلی کورد، هەرچەندە کە من پێم وایە زۆربەی هۆکارەکانی بە سەر هاتی گەلی کورد دەگەڕێتەوە سەر خاکی پڕ لە نەوت و کانی کوردستان کە ئەمڕۆکە و دوینێ و سبەش کانگای گێرمەو کێشەو بگرەو بەردەی سیاسەتی جیهانیان و ناوچەکە و زلهێزەکانە، خۆ ئەمەش زۆر بە چاکی لە سیاسەتی جیهان دا دیارە و ئاشکرایە، چونکە ئابووری لە جیهان دا سەرە داوی هەموو بگرەو بەردەیەکەو سەری تەواوی دەزوەکانی هەموو کێشەکانی نێو دەولەتانی پێوەلکاوەو ئەمەش تەواوی کوردستان دەگرێتەوە، خۆ هەمووناوچەکانی خاوەرمیانەش بۆ خۆی پڕیەتی لە نەوت و کانەکان کە کوردستان یەکێکە لەو ناوچە گرنگانەوە کە کاریگەریەتیەکی سەرەکی و زۆری لە سەرەو پەیوەندی ئابووری هەموو جیهانی پێوە بەندە، خۆ بوونی ڕژێمەکانی دکتاتۆرو دوا کەوتووش لەتەواوی ناوچەی خاوەر میانە لەگەل ئەو هەموو سەروەت و سامانانەیان کە بە زۆری لە ڕێگەی خراپکاری و کوشت و کوشتار و نەبوونی ئاسایش و ئارامش و دوا کەوتوویی بە کار دەهێندرێت، ئەوانەی کە بە زۆری زۆرداری بە سەر تەواوی خەلکانی ئەم ناوچەیەدا چەسپاون و ئەوەی کە بۆنی دیموکراتیەت و ئازادی و ڕا دەربرینی سەربەستانەی لێوە بێت دوورە لە ناو ئەو هەموو حکومەتانەی کە ئەمڕۆ بە سەرگەلانی ناوچەکەدا سەپاون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر پەرە بە بوونی کانگای ترۆریستی و بە کار هێنانی توندو تیژی و بە هێز بوونی دەستی خراپکاران کە زۆربەی زۆریان لە

www.kurdistannet.org
01/07/2003 13:08

ناوچەی ڕۆژ هەلاتی ناوین دا هەل دەقولێت و تەنانەت جیهانیشیان خستۆتە خەتەرەوەو بوونەتە هۆکارەکان و هاتنی زلهێزەکان و دامەزراندنی بنکە سەر بازیەکانیان و دوور خستنەوەی شەڕو خراپەکاری لە ناو وەلاتانی خۆیان دا و لە ناو بردنی ترۆریستەعەرەبەکان، خۆ باری باری ئابوری جیهان و مەرامە تایبەتیەکانی ئەو زل هێزانەو گەلحۆیی و زۆرداری سەدامی دکتاتۆرو ملهوڕ ئەو هەموو جنایەتانەی بەرامبەر بە خەلکی کوردو تەواوی غێراق و هەموو ئەمانە بوون بە هۆی هاتنی زلهێزەکان بۆ ئەم ناوچەیەو مسۆگەر کردنی مانەوەیان بۆ مەبەست و بەرژەوەندیەکانی تایبەتی خۆیان، کە دەتوانن بۆ ماوەی سالەهای سال دەست بە سەر تەواوی ناوچەکانی خاوەر میانەدا بگرن و کۆنترۆلی بکەن، کە ئەمەش مەبەستێکی دێرینەی ئەوانە و پێشم وایە هەر وا دەبێت و ئەمەش بە بەلگەی ئەو هەموو جنایەت و کردەوە نامرۆڤایەتیانەی کە سەدام و رژێمەکەی ئەنجامیان داو نەمانی چەکی کۆمەل کوژی بۆ روخان و لێدانی دەستی ترۆریزم و سەدامی دکتاتۆر ئەم هەلە بۆ زل هێزەکان ڕەخساو دەبینین زل هێزەکان وان لەم ناوچەیە و خۆیان لێ دادەمەزرێنن، پێشم وایە کە هەموو نیشتمانپەروەرێکی کوردو عێراقیش بە دل و گیان روخانی سەدام بە بە شتێکی باش بۆ گەلی عێراق دەزانن و زل هێزەکانیش ئەمەیان بۆ بوو بە بەلگەو تا وەکو بە نیازەکانی خۆیان بگەن. ئەمرۆ کە کوردستان بە تایبەتی بۆ ئەوان جێگەیەکی زۆر لە بارە خۆیان بە باشی دەزانن و ئاسایش و ئارامی لەو ناوچەیەدا بۆیان لواوەو، دیارەکە گەلی کورد زۆر لەمێژە بە دەست شۆڤێنیە عەرەبەکان و تورکەکان و فارسەکانیش سالەهایە مال و حالی لی داگیر و وێران دەکرێت و ئێستاش بۆیان بلوێت خاکی کورد لە تورەگە دەکەن و کوردستان بە خاکی (ئومەی عەرەب و تورك و عەجەم) دەزانن و دادەنێن و هەرگیز ئامادە نەبووینە کە دان تەناەت بە ناوی کوردستانیش دا بنێن و هیچ مافێکی تەناەت کەلتوریش بە گەلی کورد کە چل ملییۆن مرۆڤە دان نانێن، جا ئەو کوردە هەژارو بێ دەرەتانە هەر لە خوای دەوێت کە هەلێکی وەك ئەمڕۆی بۆ هەل بکەوێت و کەسانێ بێنە مەیدانەوە کە بتوانن یارمەتی گەلی کورد بدەن و هیچ نەبێ لە هێرشە دڕندەکانی سەدامیان و تەواوی داگیرکەرانی کوردستان بمان پارێزن و کورد کەمێ پێیان بحەسێتەوەو ئەمرۆش ئەم هەلە وا هاتۆتەکایەوە ماوەی چەند سالێکە کورد لەو جۆرە هێرشانە پارێزراوە، ئەمەش بە شتێکی زۆر باش دەبینم کە کورد هیچ نەبێ توانیویەتی کە ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکەی خۆی دابین بکات و سودێك لەم هەلە وەربگرێت و ڕێی لە ڕژان دەست بۆ کاری ترۆر و جنایەتەکان نەبات و شەری هەتا بلێی وەك میللەتێك بلند بێت کە هەرڤیز زولمی لە کەس نەکردووەو هەر زولمی لێکراوە، من پێم وایە کە ئەمە شتێکی باش و لە بارە بۆ کوردو کوردستان کە کوردیش وەك ئەم حەمکە جیهانە بەرژەوەندیەکانی خۆی ڕەچاو بکات و کورد بە هەر ڕییێگایەکەوە بەرەو سەرکەوتنی خۆی بڕوات هاوکار بیت، ئەمرۆش کەڕۆژگارێکی تەواو لە بار بۆ گەلی کورد هاتۆتە کایەوە، دەبێ سودی لێ وەر بگرین، ئەوانەی کە هەمیشە کوردستان بە ئیسرائیلی دووەم و سەدان ناوو ناتۆرەی تر ناسیوە و هەموویان بە یەکەوە هەولی لە ناو بردن و جێنۆ سائید کردنی گەلی کوردیان داوەو بە رەوایان زانیوە کە کورد لە ناو بچێت، ئیستاش هەر ماون، هەر بۆیەشە کە دەبینین گەلی کورد لەم رۆژگارەدا حەزی بە هاتنی زل هێزەکان کردووە و بۆ ڕزگاری لە دەست ئەو هەموو دوژمنانەی کە دەورەیان داوین و هەر بۆیەشە کە پشتوانی لەوان زلهێزانە دەکات و هەموو هاوکاریەکی ئەوان بە راست دەزانی و ئەمەش مافێکی رەوای خۆمانە کە بیپارێزین و وەك کورد گوتەنی بلێن (دوژمنی دوژمنانمان دۆستمانن) و ئەگەر هەر واش بین پێم وایەکارێکی زۆر چاك دەکەین، ئەگەر ئەمرۆکە لە هەموو ساتیك زیاتر لەمە پیڕەوی بکەین و زانایانە ڕەفتار بکەین پێم وایە کە گەلی کورد لە چنگ ئەو درندانە رزگاری دەبێ، هەرچەندە نابێ کە پشتی خۆشمان بە یەکجاری بکەینەوەو هەر وا بزانین کە هەموو شتێ تەواوەو خەلکانێ هاتوون هەموو کارێکمان کە سودیان هەیە بۆ کورد ئەنجامی دەدەن! !بۆیەکە دەبێ خۆمان لە هەموو ڕویەکەوە زیاتر لە جاران و باشتر لە جاران گیانی یەکتر خۆشەویستی و گیانی یەکبوون لە ناو خۆمان دا بپارێزین، ئەگیان دیسان لەوانەیە کە کارەساتە تالەکانمان بێنەوە پێش و دیسانەکە پشتمان تێ بکەنەوەو بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان وا بخوازی کە دیسان لە دەمی عەزیاکان جێمان بهێلنەوەو هەر نەمان ناسن، بۆیەکە دەبێ ئەم هەلەی ئەمڕۆ زۆر چاك و حەکیمانە بقۆزینەوە و لە سایەی لێدانی رژێمە ترۆریستەکان، کورد بتوانێ کە بە مافە رەواکانی خۆی شاد ببێت و ڕزگارو ئازاد لە ناو مالی خۆی دا بژی و هەقی خۆمانە کە بەم شێوەیە رەفتار بکەین، بەلام دەبێ هەردەم وریا بین و وا نەزانین کە بۆ کورد هەموو شتێ براوەتەوەو چاومان تەنیا لە بێگانەکانەوە بێت کەوا بزانین ئەوان هەموو شتێکمان بۆ ئەنجام دەدەن، ئەمڕۆ دەبێ خۆمان لە هەموو ساتەکان بۆ کوردو کوردستان زیاتر و دلسۆزانە تر ماندوو بکەین و ئەوەندە لە جیاتی خەلکلنی تر خۆمان بە کێشەکانی بێگانەکان مەشغول نەکەین و ئەوەی تیًن و وزەو هێزمانە بۆ کوردو کوردستانەکەی خۆمان بە کاری بەرین و لە بیرمان

www.kurdistannet.org
01/07/2003 13:08

نەچێت کە زۆر هەن دەسەلاتیان بێتەوە دەست هەروەك ڕابوردو بیر دەکەنەوەو دیسان بە ناوو ناتۆرەکان خاکمان دەشێلنەوەو نابێ هەرگیز خافل ببین لە دەستی دوژمنان و نەیارانەوە.

هەر سەرکەوتوبێ کوردو کوردستانی ئازیزمان و نەمان سەر شۆڕی بۆ هەموو نەیرانی کوردســــــــــــتان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت